# فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی تووشبون بە نەخۆشی دەرونی

## ( توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نەخۆشخانەی دەرونی هەولێر)

د. زەریا احمد طاهر/ مامۆستا /زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی کۆمەڵناسی

پسپۆری ورد کۆمەڵناسی خێزان

zarya.taher@su.edu.krd

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە :٢٠٢٤/٩/٢٠ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/١١/١٢

**پوختە**

ئەمڕۆکە بە گشتی لە جیهاندا بابەتی نەخۆشییە دەروونییەکان بابەتێکی گرنگن، چ لە ژیانی مرۆیی، کۆمەڵایەتی، پەیوەندییەکان و خێزانی بێت، دەستکەوتی ژیانی ئەکادیمی هەتا بگاتە بوارەکانی ئایین، ئابووری، کولتوری گەلان دواجار کاریگەری لەسەر ستایلی ژیانی کۆمەڵگاو ئاستی پێشکەوتنیش دەبێت. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە بە بەکارهێنانی ئامرازی توێژینەوەی بار.

ئاشکرایە نەخۆشی دەرونی لە سەردەمی ئێستادا زۆر و بەربڵاو و جۆراوجۆرە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستن و نیشاندانی گرنگترین فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی توشبوون بە نەخۆشی دەرونییە، لەوانش فاکتەری کۆمەڵایەتی و خێزانی و پیشەیی کە هۆکارن بۆ توشبوون بەم نەخۆشییە. ئەو نموونەیەی کە لەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە ئەو نەخۆشانەن کە سەردانی نەخۆشخانەی دەرونی هەولێریان کردووە جا ماوەیەکی کاتی یاخود درێژتر و زیاتر ماونەتەوە، (10) نەخۆش (5) ئافرەت و (5) پیاو بوون بە شێوەی توێژینەوەی باری کەسێتی وەرگیراون، واتە بە بەکارهێنانی میتۆدی باری کەسێتی و بەکارهێنانی چاوپێکەوتن و تێبینیکردن. واتە بەپێی سەردانیمان بۆ نەخۆشخانە ئەو حاڵەتانە وەرگیراون کە لەوکاتەدا سەردانی نەخۆشخانەیان کردووەو هەندێکیشیان ماونەتەوە ئەوانە وەرگیراون، لە ماوەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی قوڵ و تیروتەسەل تیایدا دەرکەوتووە زیاتر لە هۆکارێک بوونەتە هۆی توشبوون بە نەخۆشی دەرونی گرنگترینی لەوانە خراپی بارودۆخی ئابوری، لێکترازانی خێزان، سەرنەکەوتن لە خوێندن و کارکردن، بێکاری، شوێنی نیشتەجێبوون، بەهاو داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا هەروەها چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی خێزان بەرامبەر بە منداڵ چ بە توندوتیژی بێت یاخود نازپێدانی زۆر بە منداڵ، ناپاکی هاوسەری، نەبوونی دادپەروەری لە نێوان منداڵاندا و هۆکاری دیکەش.

**Social factors of mental illness**

**(A social field research in psychiatric Hospital in Erbil)**

**Mental illness is an important issue in the world due to technological progress that has led to the complexity of life, whether in human life, social life, relationships and family ,**

**It is clear that mental illnesses are widespread and diverse these days. This study aims to identify the most important social factors that cause mental illness, including the**

**social, family, and professional factors that contribute to the development of this disease. The sample used in this study is (10) cases (5) were female and (5) were male that were studied using the case study approach and using interview and observation tools. Through conducting this in-depth study of medical cases, it was revealed that there is more than one factor that causes psychological illnesses, the most important of which are poor economic conditions, family disintegration, failure in education and work, unemployment, housing, societal values and customs, and how to deal with the family, whether it is violence against children or excessive pampering, betrayal. Marriage, inequality between children and other reasons.**

## 1- پێشەکی

نەخۆشییە دەروونییەکان لە ئێستادا بەربڵاون هۆکارەکانیشی زۆرن، گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگاش زۆر بەخێرایی دواتر هاتنی کۆمەڵێک کولتوری بیانی بۆ ناو کۆمەڵگای کوردی، ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیاو سۆشیاڵ میدیا، ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە خێرایانەی کەوا کۆمەڵگای کوردی پێیدا تێپەڕیوە و کاریگەری ئاشکرای بەسەر تاکەکان جێهێشتووە و ئەنجامەکەشی دیارە کەوا تاکەکان ڕوبەڕوی کۆمەڵێک نەخۆشی دەرونی جۆراوجۆر بونەتەوە. نەخۆشییە دەرونیەکانیش کاریگەریان لەسەر بیرکردنەوەو ڕەفتاری کەسی توشبوو داناوە، لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی ڕۆژانەدا بێ توانا و بێ ئیرادە دەبن، بۆ توشبووانی ئەم نەخۆشییە ژیان هیچ بەهایەکی نامێنێت.پەستانی دەرونی و ئاڵۆزی و جەنجاڵی مێشك زۆرجار هۆکارن بۆ ئەوەی مرۆڤ توشی نەخۆشی دەرونی بکەنەوە هاوشێوەی نەخۆشییەکانی دیکەی جەستە، ئەوکاتیش مرۆڤ هەست بەم حاڵەتانە بکات ئەوە پێویستە زوو سەردانی پسپۆڕی دەرونی بکات بۆ وەرگرتنی چارەسەری پێویست. هەروەها نەخۆشییە دەرونییەکان کاریگەری جۆراوجۆر جێدەهێڵن لەسەر تاکی توشبوو لەوانە تێکچوونی دەرون و کەسایەتی تاک، دودڵی دەرونی، لەدەستدانی هاوسەنگی جەستە و دەرون، ئەمانەش وای لێدەکەن هەست بە نارەحەتی و بێزاری و دودڵی و نەخۆشی بکات.

ئەو کەسانەی نەخۆشی دەرونیان هەیە نایانەوێت قسەی لەبارەوە بکەن، بەڵام نەخۆشی دەرونی شتێك نییە شەرمی لێ بکەیت، چونکە ئەمیش هەر نەخۆشییە وەک نەخۆشی دڵ و شەکرە. نەخۆشی دەرونی چارەسەری هەیە، هەمیشە زاناکان لە گەڕاندان بۆ تێگەشتن لە شێوازی کارکردنی مێشکی مرۆڤ بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ نەخۆشییە دەرونییەکان.

## 2- میتۆدۆلۆژیا و چەمکەکانی توێژینەوە.

### میتۆدۆلۆژیا و چەمکەکانی توێژینەوە

### 1.2 گرفتی توێژینەوە

نەخۆشی دەرونی کۆمەڵێک لادانە لەڕووی هۆکارەوە لە نەخۆشی ئۆرگانی یان کەموکوڕییەکە لە پێکهاتەی مێشک دەردەکەون، ئەمەش مانای ئەوەیە نەخۆشییە دەرونییەکان لە ڕووی بنەچەی جەستەییەوە یان ئۆرگانیک نین، بەڵکو

لەوانەیە ببێتە هۆی نەخۆشی جەستەیی یاخود تێکچوونی کەسایەتی کە بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی منداڵییەوەیە و بۆتە هۆی زەبر و زەنگی سۆزداری یان تێکچوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی ئەو ئەزموونە توند و دووبارانەی کە تاکەکەس لە ڕەوتی ژیانیدا بەرکەوتەی بووە .نموونەی ئەمانەش بریتین لە هەستکردن بە دڵەڕاوکێ، ترس، خەمۆکی، وەسواسی، ئاسانکاری هاندان، زیادبوونی هەستیاری، تێکچوونی خەو و خواردن، و لەرزین لە جەستەدا.مرۆڤ ئەگەری تووشبوونی بە نەخۆشی دەروونی هەیە وەک هەموو نەخۆشییەکی تر و پێویستیشی بە چارەسەرە، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو کەسانەی دووچاری ئەم نەخۆشییە دەبن دەبنە مایەی شەرمەزاری بۆ خۆیان و خێزانەکانیان وەک کەسێکی تاوانبار سەیردەکرێن، بۆیە خێزان هەوڵی شاردنەوەی ئەم نەخۆشییە دەدەن لە خەڵک. هۆکاری ئەم ڕەفتارە دەگەڕێتە بۆ بوونی چەند بۆچوونێکی هەڵە دەربارەی ئەم نەخۆشییە، لەم بۆچوونانەش (تووشبوون بە نەخۆشی دەروونی هۆکارەکەی جنۆکەیە، نەخۆشی دەروونی چاکبوونەوەی نییە، نەخۆشی دەروونی واتە شێتی، بۆماوە بەرپرسیارە لە نەخۆشی دەروونی). هەروەها لە ئێستادا زیادبوونی پێداویستی تاکەکان و خراپی بارودۆخی ژینگە وایکردووە کەوا تاک تووشی نەخۆشی دەروونی ببێتەوە.

تێگەیشتن و دەستنیشانکردنی نەخۆشی دەروونی کارێکی ئاسان نیە وەک دەستنیشانکردنی نەخۆشی جەستەیی، چونکە ئەم نەخۆشییە تێبینی دەکرێت لە میانەی ڕفتار و بیرکردنەوە و هەست یان ڕاونگەیان بۆ کۆمەڵگا چۆنە.

بە پێی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە (36) وڵاتی پێشکەوتوی جیهاندا ڕۆژانە زیانی (12) ملیارد ڕۆژ ئیشکردن یەکسانە بە نزیکەی (50) ملیۆن ساڵ ئیشکردن لە پیشەسازی دەدرێت، ئەویش تەنها بەهۆی کاریگەری نەخۆشییەکانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی، بۆیە ساڵانە بە بڕی (925) ملیارد دۆلار زیانیان پێدەگات. ساڵانە نزیکەی (5.1) تریلیۆن دۆلار بەهۆی تێچوو و دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی نەخۆشی دڵەڕاوکێ و خەمۆکییەوە زیان لە پیشەسازی جیهانی دەدرێت (مۆرگان، 2021، 467). تووشبوون بە نەخۆشی دەروونی هەستکردنە بە ئازار، بە ئەزمونکردنی هەستی دەرچونی کۆنترۆڵی ژیان، ئەم توشبوونەش دەکرێت بە ئەندازەی ژمارەی مرۆڤەکان خاوەنی فۆڕمی جیاواز بێت. لەبەر ئەم هۆکارانەبۆ پێویست بوو توێژینەوەیەک لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام بدرێت.

### 2.2. گرنگی توێژینەوە

نەخۆشی تەنیا ئەوە نییە لەسەر جەستە دەبینرێت و پزیشك پشکنینی بۆ دەکات و هەموو کەس شوێنەکە دەبینن و هەستی پێدەکەن، بەڵکو نەخۆشی تریش هەن کە کاریگەرییەکەی ڕەنگە لە نەخۆشی جەستەیی زیاتر بێت، چەند زیاتر لەسەر ئەم جۆرە نەخوشییانە بوەستین، کاریگەرییان زۆرتر دەبێت، ئەمەش نەخۆشی دەرونییە، هەر کەسێك ئەم نەخۆشییەی هەبێت، بە شەرمەوە باسی ئەکات و بە شەرمیش ئەڵێت من نەخۆشی دەرونیم هەیە و بە شەرمیش سەردانی پزیشکی پسپۆر و چارەسەر وەردەگرێت.

وەك ئاشکرایە کاریگەری ئەم نەخۆشییە لەسەر کەسایەتی تاکەکان زۆرە، کاریگەرییەکەش بۆ خێزان و کومەلگا دەگوازرێتەوە، بەتایبەتیش چینی گەنج چونکە زۆرجار حاڵەتی خۆکوشتنی لێدەکەوێتەوە بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردانەش لەسەر تاك پێویستە بەتایبەت دایك و باوك چاودێری منداڵەکانیان بکەن و زوو چارەسەری پێویست بدۆزنەوە، لەهەر حاڵەتێکی ناتەندروست لە ڕەفتارەکانیان کە دەبینرێت.


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دەکرێ بڵێین هۆکاری دەرکەوتنی نەخۆشی دەرونی تەنها فاکتەری بایۆلۆژی نییە بەڵکو کۆمەڵێک فاکتەری کۆمەڵایەتیش ڕۆڵ دەبینن تێیدا، کە پەیوەستە بە بارودۆخی ژینگەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانن کە تانها کورت نابێتەوە لە فاکتەری فسیۆلۆژی.

هەموو کەسێك دەکرێت دووچاری نەخۆشی دەرونی ببێتەوە بەبێ جیاوازی لە تەمەن، ڕەگەز، ناوچە، داهات، پلە و پۆست، نەتەوە یان دین. هەرچەندە نەخۆشی دەرونی دەکرێت لە هەر تەمەنێکدا بێت ڕوودات.

### 3.2 ئامانجی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم توێژینەوەیەش ئامانجی بریتییە لە نیشاندانی گرنگترین ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتییانەی کە دەبنە هۆی توشبوون بە نەخۆشی دەرونی لای تاک.

### 3.چەمکەکانی توێژینەوە

### 1.3 نەخۆشی دەرونی

ناتەواویەکە لە مێشکدا ڕوودەدات، هەروەها دەبێتە هۆی گۆڕانی بەرچاو لە بیرکردنەوە، هەست و سۆز، ڕەفتارکردن، فشاری زۆر یان بوونی کێشە لە شوێنی کارکردن یاخود لە ناو خێزان (محمد، 2004، 142). ئەم نەخۆشییە دەکرێت یەکێك یان سێ لە لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ نائاسایی یان توشی شڵەژان بکات وەك بیرکردنەوە، هەست، ڕەفتار، ئەمەش پێویستی بە چاودێری و چارەسەر هەیە لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی و گشتی (البنا، 2009، 16)

کەواتە بارودۆخێکی تەندروستییە و تێیدا گۆڕان لە یەکێک لەمانە هەست، بیرکردنەوە، ڕەفتار یاخود هەموویان پێکەوە ڕوودەدات. دواتر پەیوەندی بە سترێس و ئەو گرفتانەوە هەیە کە لەناو کۆمەڵگا و خێزاندا ڕوودەدەن، نەخۆشی دەرونی چارەسەری هەیە، زۆربەی ئەو کەسانەی چاکبوونەتەوەش گەڕاونەتەوە ناو کۆمەڵگا و بە شێوەیەکی ئاسایی دەژین (مۆرگان، 2023، 28).

بۆیە شڵەژانێکی کردارییە لە کەسایەتی مرۆڤ بە نیشانەی جەستەیی و دەرونی جیاواز دەردەکەوێت وەک دڵەڕاوکێ، سەپێنەر، فۆبیا و دروستبوونی گومان لە دەوروبەر بەبێ هیچ بەڵگەیەک. هەندێک جاریش بە ناچاری دوچاری دووبارەکردنەوەی هەندێ کردار دەبێت بێ ئەوەی بتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکات، بۆیە بەشێکی جەستەی پەکی دەکەوێت لە کارکردن (عزیز، 2009، 190).

نەخۆشییە دەرونییەکانیش چەندین جۆریان هەیە و بە چەند شێوازێك کاریگەری لە ژیانی ڕۆژانە دروستدەکەن، ڕەنگە فۆبیا یەکێک بێت لەمانە، بەڵام هەندێ کات زۆر مەترسیدارە پێویست دەکات کەسەکە ببرێتە نەخۆشخانە (الختانة، 2008، 171).

پێناسەی ئیجرائی بۆ نەخۆشی دەرونی بریتییە لە نەبوونی بارودۆخێکی دەرونی دروست، یاخود پلەیەکی گەورە لە پەککەوتن و ناڕەحەتی کەوا لە تاک دەکات لە بەرکەوتندا بێت لەگەڵ دەوربەر یان لادانێکی سلبیانە.

### 2.3چەمکی دەروندروستی

تەندروستی دەرونی بناغەی دروستبوونی هەست و سۆز، بیرکردنەوە، پەیوەندیکردن، فێربوون، خۆڕاگری و خۆشویستنە، هەروەها تەندروستی دەرونی کلیلی سەرەکی دروستکردنی پەیوەندییەکانە لەناو کۆمەڵگا، دەروندروستی بریتی نییە لە خاڵیبوون لە تێکچوونە دەرونییەکان بەڵکو توانای تاکە بۆ گەشەپێدان بە تواناکانی, کاربکات بە شێوەیەکی داهێنەرانە, دروستکردنی پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ خۆی و دەوربەری، بەشداریکردنی لە کۆمەڵگادا (الوزاني، 2008، 161).

بە شێوەیەکی گشتی ناساندنی ئەم چەمکە بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکرێت: جۆری یەکەمی جەخت لەسەر نەبوونی نیشانەکانی نەخۆشی دەرونی دەکات. جۆری دووەمیش گرنگی بە بوونی چەند نیشانە و خاسییەتێک دەدات کە پێویستە هەبێت بۆ ئەوەی کەسەکە بە دەروندروست حیساب بکرێت. ڕێکخراوی تەندروستی جیهان (WHO) پێناسەی دەروندروستی دەکات و دەڵێت بریتییە لە توانای جێبەجێکردنی کاری ڕۆژانەی ژیان بە شێوەیەکی چالاکانە کە خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگا و دەوروبەر بهێنێتە دی، لەگەڵ بوونی هاوسەنگی خودی کە ڕێگر بێت لە نارەحەتی جەستەیی (ئیسماعیل، 2023، 16-15). دەکرێ بڵێین بارودۆخێکی ژیری و هەڵچوونی تێکەڵە، زۆربەی کات هەستکردنە بە دڵخۆشی لەگەڵ خۆت و دەوروبەرەکەت، هەروەها هەستکردن بە دڵنیایی و ئارامی و سەلامەتی ژیری و عەقلی، لە ژیان هەستکردنە بە چالاکی و هێز لە پێناو گەیشتن بە گونجانی دەرونی و کۆمەڵایەتی (عبدالله، ٢٠١٢، 20 ).

کەواتە خۆگونجاندنی تاکە لەگەڵ دەرونی خۆی و دەوروبەر، گونجاندنێک کە هەست بە ئارامی و دڵنیابوون و خۆشبەختی بکات بەرامبەر بە تاک و کۆمەڵگا (محمد، 2004،10).

## 4. فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی توشبوون بە نەخۆشی دەرونی

مرۆڤ بۆ بەردەوامبوونی لە ژیانی پێویستی بە کۆمەڵگا هەیە، چونکە مرۆڤ لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی گەشە دەکات و گەورە دەبێت بۆیە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری گەورەیان لەسەر کەسایەتی و دەرونی مرۆڤ هەیە. ئەو گرفتانەی لەناو خێزاندا دروست دەبن (شەڕکردنی نێوان هاوسەران، پەیوەندی خراپی نێوان دایباب و منداڵ، گرفتی دایک و باوک لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ) (عومەر، 2022، 27)..

### 4.1پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و خێزان

یەکێک لە گرنگترین ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لەم نەخۆشییە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاکە، زۆر جار تووشبون بەم نەخۆشییە ناگەڕێتەوە بۆ تاکە هۆکارێک بەڵکو هۆکاری جۆراوجۆر هەن، بە تایبەت فاکتەری ترس فاکتەرێکی کاریگەرە هەرچەند ترس زیاد بکات ئەوەندە زووتر ئەم نەخۆشییە دەردەکەوێت. ئەم نەخۆشییەش وردە وردە گەشە دەکات هەندێ جاریش دەرناکەوێت تا ڕووداوێکی پڕ لە سترێس دروست دەبێت، نەخۆشی دەرونی لە خێزانیش دەمێنێتەوە لەوانە ژینگەی پڕ لە فشار دەتوانێت زیاتر ببێتە هۆکار بۆ توشبوون بۆ نموونە ژیانی سەخت، خێزانی خراپ، ئەمانە فشار دەخەنە سەر مێشک و نەخۆشی دەرونی دروست دەکەن یاخود ئەو شتانەی لە منداڵی ڕودەدەن دواتر لە ژیان کاریگەرییان دەبێت و ڕوداوی پڕ لە سترێس وەک لەدەستدانی کەسانی خۆشەویست و بیرە نەرێنییەکان دەتوانن لە بازنەی خەمۆکی یان دڵەڕاوکێ گیرت بکەن (Clinic. 2015) . هەروەها ژینگەی کۆمەڵایەتی فاکتەرێکی مەترسیدارە زۆربەی ئەو کەسانەی تووشی جۆرێک لە دڵەڕاوکێ دەبنەوە جۆرەها کێشەی

جیاوازییان هەبووە لەوانە مۆدێلی باوان لە پەروەردە و ڕەفتار، ململانێی خێزانی، بوونی تەنگژەی دەرونی بەردەوام، زۆرینەش پێیان وایە ماوەیەک پاش ڕوودانی کارەساتی ناخۆش لە ژیان تووشی ئەو حاڵەتە دەبنەوە. ژینگەی کۆمەڵایەتی هەمیشە فاکتەرێکی گرنگە و ڕۆڵی هەیە لە سەرهەڵدانی جۆری جیاوازی نەخۆشی پەیوەست بە تەندروستی دەرونی مرۆڤ یەکێکیش لە فاکتەرە گرنگەکانی ژیانی مرۆیی بریتییە لە تەنگژەی دەرونی کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵێکی زۆر لە نەخۆشی دەرونی لەناو تاکدا هەیە. هاوکات بەشێکی زۆری ئەو تەنگژە دەرونییەی تاك بە درێژایی ژیانی تووشی دەبێت بە ئەگەری زۆر پەیوەندی بە فاکتەری ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە (مۆرگان، 2021، 488). بۆیە پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتی گشتگیرە بە ئامانجی گواستنەوەی کولتوری کۆمەڵگا بۆ تاك، بە سروشتێکی کۆمەڵایەتی مامەڵە دەکات، خێزانیش دەستێکی باڵای لەم پرۆسەیە هەیە، لە ڕێگەی پڕۆسەی پێگەیاندن منداڵ فێری ئادابەکانی ڕەفتار دەبێت و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەر لە ڕووی خواردن، جل و بەرگ، بیروباوەڕ و ئایین، بۆیە منداڵ بە پێی ڕەگەز، ئەرک، ڕۆڵ، ماف و پێگەی دیاردەکرێت لە خێزاندا (القصاص، 2008: 140). بۆیە خێزان ئەرکی پڕکردنەوەی لایەنی دەرونی و سۆزدارییە، چونکە تەنها بەرپرس نییە لە دابینکردنی پێداویستی ئابووری و پاراستن، بەڵکو لایەنی سۆزداری و دەرونی تاکیش تەواو دەکات، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بنیادنانی کەسایەتی (عبدالرحمن و غنيم، 2008: 187). لێرەدا وەک گروپێک ڕۆڵی لە پێدانی سۆز و خۆشەویستی بە تاک هەیە، هەروەها لەسەرییەتی لایەنی هەڵچوونی و سۆزداری تاك تەواو بکات، بەمەش ژینگەیەکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی دەستەبەر دەبێت، ئەمەش تەنها بۆ منداڵ پێویست نییە بەڵکو بۆ تەواوی ئەندامانی خێزان پێویستە (غيث، 1985: 255). منداڵیش کاریگەرە بەو بارودۆخە دەرونییەی کە بوونی هەیە لەناو خێزان، چونکە پەیوەستە بە جۆری پەیوەندی نێوان دایک و باوک، بۆیە لە ڕێگەی لاساییکردنەوە و ئەزموونی خێزان کۆمەڵێك ئاراستەی دەرونی وەردەگیرێت، بەهۆیەوە کەسایەتی باش گەشە دەکات لە بارودۆخێکی شیاو و پڕ لە متمانە و خۆشەویستی و سۆزی خێزان و ڕێزگرتن لە کەسایەتی تاك (أبوأسعد و دردير، 2015: 51). کەواتە خێزان یەکەم ناوەندی کۆمەڵایەتییە تێیدا تاک خۆشەویستی و پێداویستییەکانی فەراهەم دەبن، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە خوێنییەوە پەیوەستن بەیەکتر و هەست بە هێمنی و ئارامی دەکەن.

خێزان یەکەیەکە کۆمەڵگای لێ پێکدێت و بنەمای کەسایەتی تاکیشە ئەگەر خێزان لە بارودۆخی ئاساییدا بێت و ئەرکەکانی خۆی بە باشی بکات، ئەوا ئەگەری زۆری هەیە ئەندامەکانی ئەم خێزانە کەسانی دەروندروست بن، بەڵام ئەگەر خێزان بەهۆی کێشەو ئاریشەکانییەوە نەیتوانی کارەکانی بەئاسایی بەڕێوە بەرێت، ئەوا کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر ئەندامەکانی دەبێت، کێشەی ناو خێزان و تەڵاق کاریگەریی خراپ و درێژخایەن لەسەر منداڵ دروست دەکەن. چونکە منداڵ هەست ناسکترە تێکچوونی شیرازەی خێزان وای لێ دەکات هەست بە ئارامی نەکات و بەردەوام لە ترس و نیگەرانی بژیت، توێژینەوەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە گرنگترین کاریگەری کێشەی خێزانی لەسەر منداڵ بریتین لە لادان واتە ئەنجامدانی کاری دژ بە یاسا، نزمی ئاستی خوێندن لە قوتابخانە، کەمی داهات کاتێک منداڵ گەورە دەبێت واتە دەبێتە کەسێکی هەژار، رازینەبوونی لە ژیان. لە توێژینەوەیەکدا هاتووە بەناوی (سەحەر عوبەید و هاوکارانی) هەوڵیاندا بزانن پەیوەندی لە نێوان تەڵاق و دەروندروستی منداڵی هەرزەکار هەیە یان نا. گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ئەو هەرزەکارانەی دایک و باوکیان جیابوونەتەوە ترسی کۆمەڵایەتی و خەمۆکی و بیرکردنەوەیان لە خۆکوشتن زۆر زیاترە بە بەراورد بەو هەرزەکارانەی کە دایک و باوکیان بەیەکەوە دەژین (ئیسماعیل، 2023، 71)

ژینگەی کۆمەڵایەتی هەمیشە فاکتەرێکی سەرەکییەو ڕۆڵی هەیە لەسەرهەڵدانی نەخۆشی دەرونی، یەکێک لە فاکتەرە هەرە بنەماییەکانی ژیانی مرۆیی بریتییە لە تەنگژەی دەرونی و سەرچاوە جیاوازەکانی تەنگژەی دەرونی کاریگەری لەسەر کۆمەڵێکی زۆر لە نەخۆشی دەرونی لە نێو تاکەکاندا هەیە، هاوکات بەشێکی زۆری ئەو تەنگژە دەرونییەی تاک بە درێژایی ژیانی توشی دەبێت، بە ئەگەری زۆر پەیوەندی بە فاکتەری ژینگە کۆمەڵایەتییەوە هەیە (مۆرگان، 2022، 27)یەکێکی تر لەو هۆکارانە ئەوەیە خێزان منداڵ ناچار دەکات یارییەک ئەنجام بدات واتە سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەو یارییە بێت کە حەزی پێ نییە، یاخود بچێتە کۆلێژێک بەدڵی نەبێت، یاخود ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری بە زۆر، ئەنجامدانی کارو پیشەیەک کە حەزی لێ نییە، ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ ئەوەی بە شێوازێکی ناتەندروست مامەڵە لەگەڵ خەڵک بکات و تووشی جۆرەها نەخۆشی دەروونی ببێتەوە (راجح، 2011، 546). توندوتیژی خێزانییش کە دایبابان بەرامبەر بە منداڵەکانیان دەیکەن لە پەروەردەکردن و هەر لە یاری و چالاکی منداڵەکان هەستاون بە کڕینی ئامێرێکی ئەلیکترۆنی کە بەردەوام بەدەستییانەوەیە دەبینین ئەمڕۆکە نەوەیەکی زۆر دەروونگەراو تەنیاو گۆشەگیر و ناکۆمەڵایەتی بەخێرایی خەریکە بەرهەم دێت، بە پێی دوایین توێژینەوەکان دەرکەوتووە نزیکەی (3) ملیارد و نیو کەس ڕۆژانە خەریکی یارییە ئەلیکترۆنییەکانن، ئەمڕۆکە لە جیهاندا لەهەر (100) کەسێک (40) کەس ڕۆژانە خەریکی یارییە ڤیدیۆییەکانن (مۆرگان، 2023، 60-61)

فاکتەرێکی تری نەخۆشی دەرونی رێگری رەفتارییە، توێژینەوەکان بەگشتی لەوبارەیەوە زۆر ڕاستییان سەلماندووە، ئەو منداڵانەی رێگری رەفتاری زۆریان بەرانبەر کراوە ئەوەش زۆرینەی بەهۆی مۆدێلی بەخێوکردنی هەڵە ئەگەری زۆرە تووشی نەخۆشی دڵەڕاوکێ ببن. تەنانەت (بیدرێمان) و ستافەکەی لە ساڵی (1990) ەوە لە توێژینەوەیەک سەلماندوویانە زۆربەی ئەو منداڵانەی دەکەونە ناو ئەم کاتیگۆرییەوە تووشی نەخۆشی دڵەراوکێ دەبنەوە (سڤیرا و کاتزمان) لە (2004) هەمان راستییان سەلماندووە، (زیالاکیویسز) لە (2014) و (هێندێرسن) و ستافەکەی لە (2015) و (ئیتۆ) و ستافەکەی لە ژاپۆن بەمدواییانە هەمان راستییان سەلماندووە کە پەیوەندیی راستەوخۆ لە نێوان ڕێگری رەفتاری و دەرکەوتنی جۆرە جیاوازەکانی نەخۆشی دەرونی بوونی هەیە (مۆرگان، 2021، 488-489). بێبەشبوونی منداڵیش لە پێداویستییە سەرەکییەکان وەک خواردن و خۆشەویستی و خزمەت جا بەر هەر هۆکارێک بێت بۆ نموونە مردنی باوان یاخود جیابوونەوە بێت، بێبەشبوونیش ڕێگایەکە بۆ توشبوون بە چەندەها گرفتی دەرونی جیاواز (ئیسماعیل، 2023، 63). لە بەرامبەر ئەمەش نازدان بە منداڵیش یەکێکە لە هۆکارەکانی هەستکردن بە کەمی، بێگومان منداڵی بەناز دەبێتە سەنتەری سەرنجڕاکێشان لە ماڵەوە چونکە هەموو پێداویستی و ئارەزوەکانی تێر دەکرێت و مەگەر کەمێک داواکاری پشتگوێ بخرێن. لەناو ئەم کەشەشدا زۆر سروشتییە ئەگەر لای منداڵەکە بیرۆکەیەکی بۆ دروست بێت کەوا کەسێکی زۆر گرنگەو دەبێت لە هەموو هەڵوێستێکدا ئەوانی تر ملکەچی بن. کەچی منداڵی پشتگوێخراو واتە خۆشەویست نییە و پەراوێز خراوەو جێی بایەخ نییە ڕەنگە ئاوێتەی کەمی لا دروست بێت، لەم قۆناغەدا ئەو منداڵە بێبەشە لە خۆشەویستی ئەمەش بەهۆی پشتگوێخستنی باوانی بۆی ئەنجامی ئەم جۆرە مامەڵەیەش هەستکردنە بە کەمی و کەسێکی تووڕە و توندوتیژی لێدەردەچێت (مستەفا، 2023، 94-95).

**4.2کولتوور و ململانێی کۆمەڵایەتی**

کولتووری کۆمەڵگا ڕۆڵی گرنگی هەیە لە تووشبون بەم نەخۆشییە لەوانە کاتێک منداڵ لە دەرەوەی خێزانە و دەچێت بۆ قوتابخانە ڕەنگە فشارێکی دەرونی زۆری لەسەر بێت و هەر لە ژێر ئەم دۆخەش دەژیت کە دۆخێکی ململانێیە لەگەڵ

نزیکەکانی لە یاری و هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، دواتر درێژ دەبێتەوە بۆ کارکردنی لەگەڵ تەمەنی ئەم فشارە زیاتر و زۆرتر دەبێت دواجار تووشی ئەم نەخۆشییە دەبێت لەناو ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا (عبداللە، 2012، 145).

ئەو پێشکەوتنانەی کە بەسەر کۆمەڵگاوە هاتوون لە سەرجەم بوارەکانی ژیان بە تایبەتی تەکنۆلۆژیا، هەرێمی کوردستانیش بێبەش نییە لەم پێشکەوتنانە. بەهۆیەوە بارودۆخێك هاتوتە پێشەوە و بۆتە هۆی ئەوەی ململانێ لە نێوان کولتووری ماددی و مەعنەوی دروست بێت، زانا (ئۆگبرن) دەڵێت هەر کات گۆڕان لە لایەنی ماددی ڕوویدات بەم هۆیەوە گۆڕان لە لایەنی مەعنەویش دروست دەبێت بەمەش گونجانی کولتووری بەدوادادێت، بەڵام خێرایی گۆڕانی ماددی و لەسەرخۆیی مەعنەوی بۆشایی کولتووری دروست دەکات و پێی دەڵێن دواکەوتنی کولتووری، ئەمەش بیروبۆچوون و بەهاو شێوازی نوێ لە کولتووردا دروست دەکات (العمر، 1990، 177). کەواتە هۆکارن بۆ ڕوودانی ململانێی بەهاکان بەهۆی ئەم دژ بەیەکەی کولتوور تاك دەرونی تێدەچێت، ئەم هەوڵەی تاکیش دەیدات بۆ گونجان لەگەڵ ڕەوشی نوێ تووشی تەنگژەی دەرونی دەکات و هەندێك جاریش لادانی ڕەفتاری لێدەکەوێتەوە (الحسن، 2008، 201). چونکە کولتوور کاریگەری لەسەر نەخۆشی دەرونی و چۆنیەتی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنییەوە هەیە. کەواتە کولتوور کۆکراوەی زانیارییە و بەپێی شوێن و کات دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە ئەمریکا کاتێک کەسێک خەمۆکی هەیە و سەردانی دکتۆر دەکات و باس لە ئازاری سك دەکات یاخود زانیاری نییە و بەهۆی ئەوەی دەبێتە لەکەیەک (ماک) بۆی چونکە دەیشارێتەوە و باس لە نەخۆشییەکەی ناکات(157 , Genes,.2010) گومانی تێدانییە کولتوور، داب ونەریت، سیستەمی کۆمەڵایەتی، بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و فیکری کۆمەڵگا کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر پێگەیاندنی تاک و بنیادنانی کەسایەتی کە تووشی کۆمەڵێک نەخۆشی دەرونییان دەکاتەوە، دەرکەوتووە فشار و نەخۆشی لە کۆمەڵگای شارنشینی زیاترە تا کۆمەڵگای گوندنشینی (محمد، 2004، 145).

کەواتە ژینگەی کولتوری دەستوەردان دەکات لە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە پێکهێنانی پێوەری تایبەت کە کاریگەرییان لەسەر کەسایەتی تاکەکان هەیە، لە گرنگترین هۆکارە کاریگەرەکان داب و نەریت و ڕێوڕەسم و ڕەوت و میراتی مێژوویی و ئایینی کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕوودانی نەخۆشی دەرونی و تێکچوونی ڕەفتار لە منداڵدا هەیە. بۆیە لە حاڵەتە تایبەت و توندەکان هۆکاری ڕاستەوخۆن، ڕاستە لە کولتوورێکدا نەخۆشییەکی دیاریکراو بۆ هەموو گروپێکی مرۆڤایەتی نییە و زۆربەی نەخۆشییە دەرونییەکان لە هەموو کولتورەکانی جیهاندا بوونیان هەیە، بەڵام ئاماژە بەوە دەکرێت کە هەندێکیان لە کولتورێکدا باون و کەمیان لە کولتوورێکی دیکەدا هەیە. چونکە کولتوور کاریگەری لەسەر دروستبوونی کەسایەتی هەیە و بەم شێوەیەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشی دەرونی بۆی (أسماء، 2015، 152).

### 4.3 هۆکاری ئابووری و چینە کۆمەڵایەتییەکان

هۆکاری ئابووری کاریگەری بەسەر تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە هەیە، چونکە هەژاری و دەوڵەمەندی کاریگەری بەسەر ڕەفتار و شێوازی ژیان هەیە. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ڕوودانی نەخۆشی دەرونی گۆڕانی زۆر خێرایە لە باری ئابووری و دارایی لە ئاستێکی نزمی ژیان بۆ ئاستێکی بەرز یان بە پێچەوانەوە لە ئاستێکی بەرز بۆ ئاستێکی نزمی ژیان (حسن، 2009، 28). لەگەڵ ئەوەش ئابووری کاریگەری لەسەر ڕەفتار و بارودۆخی

کۆمەڵایەتی تاک هەیە، بەڵام کاتێک تاک ڕووبەڕووی گۆرانی خێرا دەبێتەوە ناتوانێت هاوسەنگی دروستبکات لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەی کە بەسەری هاتووە، بەڵام بوونی بارودۆخی جێگیریی لە هەژاری و ئاستی مامناوەند تاڕادەیەك دوورترن لە توشبوون بە تەنگژەی دەرونی. هەروەها ئابووری خراپ جگەلەوەی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت و بێکار دەکات واش لە تاك دەکات نەتوانێت پێداویستییەکانی خۆی دەستەبەر بکات وەك شوێنی نیشتەجێبوون، خۆراك و پۆشاك بەمەش کاریگەری لەسەر سەرۆک خێزان دەبێت لەڕووی هەست و سۆز و باری دەرونییەوە بەشێوەیەك هەستی دابڕان و ململانێ لە ناو خێزان و دەوروبەریدا ڕوودەدات (عبدالوهاب و محمد، 2005، 132).

کەواتە چینی هەژار بە سروشت وایە لە شوێنی خراپ و خزمەتگوزاری کەم دەژین و زیاتر بیر لە هەژارییان دەکەنەوە و دوورن لە پێداویستی پزیشکی و خۆشگوزەرانی، چونکە بێبەشن لە زۆربەی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، بەڵام چینی دەوڵەمەند خزمەتگوزاری پزیشکی و سەردانیان بۆ دەرەوەی وولات بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت دەوڵەمەند تووشی نەخۆشی دەرونی نابێت، بەڵام زیاتر ئەوەی تێبینی دەکرێت خەڵکی کەم دەرامەت و هەژار زۆر زیاتر سەردانی نەخۆشخانە دەکەن بە بەراورد بە خەڵکی دەوڵەمەند و مامناوەند لە ڕووی ئاستی بژێوی و ژیان و داهات (فاید، 2005، 138). چونکە پێگەی چینایەتی تاك کاریگەری لەسەر دەستکەوت و توانای بەدەستهێنانی ئاست و کوالێتی ژیان دەبێت، زۆربەی کاتیش وایە لەناو چینە کۆمەڵایەتیەکان تاك زیاتر تووشی کۆمەڵێك فشار و گرفتی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، ئەمەش هۆکارە بۆ توشبوون بە کۆمەڵێك تەنگژەی دەرونی، دڵەراوکی، پەراوێزخستن، گۆشەگیری و بێکاری، بێگومان ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر دەرونی تاك لەم چینە کۆمەڵایەتییە دەبێت (العموش و العليمات، 2009، 295).

## 5. چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوە

## 6. نمونەی توێژینەوە

نموونەی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیە کەوا هەڵبژاردنی کەیسەکان ئەو نەخۆشانەن کە سەردانی نەخۆشخانەی دەرونی هەولێریان کردووە، (10) کەیسە (5) یان نێر و (5) یان مێن بە توێژینەوەیەکی تێروتەسەل، دەکرێ بڵێین ئەو کەیسانەی وەرگیراون لە نەخۆشخانەی دەرونی هەولێر لەکاتەدا کە سەردانیمان کردووە ڕۆژانە کە چووین وەرگیراون هەندێ حاڵەت لە نەخۆشخانە ماونەتەوە بەپێی بارودۆخیان، هەندێکیشیان سەردانی نەخۆشخانەیان کردووە بۆ وەگرتنی چارەسەر و ڕێنمایی، لەسەر ئەو بنەمایە وەرگیراون ئەو (10) کەیسە.

## 7.ئامرازی توێژینەوە

چاوپێکەوتن: ئەم ئامرازە بەکارهاتووە لەگەڵ کەسی نەخۆش و خێزان و خزم و دۆست و ناسیاو بە ئامانجی جەختکردن لە ڕاستی و دروستی زانیارییەکان. ئەم توێژینەوەیە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ و قووڵ (تێروتەسەل) ی بەکارهێناوە.

تێبینیکردن: ئەم ئامرازەش بەکارهاتووە بەواتای تێبینیکردنی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کەسی نەخۆش لەڕووی کەسایەتی و کۆمەڵایەتییەوە لەماوەی مانەوەی لە نەخۆشخانە.

## 8.میتۆدی توێژینەوە

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەڵساوە بە بەکارهێنانی میتۆدی توێژینەوەی بار(Case study) چونکە ئەم جۆرە میتۆدە گونجاوە بۆ توێژینەوەکە بە قوڵ و تێروتەسەلی.

**9.توێژینەوەی باری کەسێتی بۆ هەندێ لەو نەخۆشانەی کەوا سەردانی نەخۆشخانەی دەرونی هەولێریان کردووە**

**9.1کەیسی یەکەم:**

نەخۆش ڕەگەزی مێیە تەمەنی (23) ساڵە و هاوسەرگیری کردووە، نۆبەرەی خێزانەکەیەتی قوتابی زانکۆیە و باوکی (8) ساڵە مردووە و لە کاتی شیرەخۆری لە دایکی جیابۆتەوە، لە خێزانێکی گەورە ژیاوە. سەرەتا لای داپیری بووە دوای لای زڕدایکی، باوکی زۆر گرنگی پێداوە و نازی هەڵگرتووە، زۆربەی ئەو داواکارییانەی هەیبووە باوکی بۆی ئەنجامداوە. بۆیە پاش مردنی باوکی لای پوری واتە خوشکی باوکی ژیاوە، ئێستا لە کۆپانیایەکی ئێواران کار دەکات. توشی ناپاکی هاوسەری بۆتەوە لەگەڵ خاوەن کۆمپانیاکە کە ئەویش خێزاندارە تەمەنی زۆر لەخۆی گەورەترە. پاش مردنی باوکی هەستی بە بۆشایی خۆشەوستی کردووەو پێی وایە کەسێک هەبێت جێگەی باوکی بۆ بگرێتەوە و بە تەمەن بێت، خاوەن کۆمپانیاکەش گرنگی زۆری پێ دەدات، دواتر داوای وێنەی ڕووتی لێکردووە و بۆی ناردووە ئێستا هەڕەشەی پێ لێدەکات، هیچ کێشەشی لەگەڵ هاوسەری خۆی نییە بەڵکو زۆرباشە لەگەڵی، کێشەی مادیشییان نییە. ئەمە وای لێکردوە وردە وردە تووشی کێشە بێت و نەشیتوانیوە چارەسەری بۆ بکات، وایلێکردوە زۆر بیربکاتەوەو تووشی تەنگژەی دەرونی و نەخۆشی خەمۆکی بکاتەوە، لە ئێستاشدا سەردانی نەخۆشخانەی دەرونی کردووە و لای پزیشکی پسپۆر دەرمان وەردەگرێت.

**9.2کەیسی دووەم:**

نەخۆش ڕەگەزی نێرە و کوڕێکی تەمەن (29) ساڵییە، لە خێزانێکی هەژار ژیاوە لە منداڵییەوە، کوڕی بچووکی خێزانەکەیەتی و زیاتر لە ماڵەوە نازییان پێداوە، ئەمەش بۆتە هۆی رژدی پێبردن لە لایەن براکانی خۆی، زۆرجار براکانی لێیانداوە و سەرزەنشتییان کردووە، بە هۆی ئەم ناز پێدانە وای لەم نەخۆشە کردووە کۆمەڵێك گرفتی هەبێت و کەسایەتییەکی لاوازی هەبێت کە نەتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت و بڕیار بدات، ئەگەر بڕیاریش بدات زوو پاشگەز دەبێتەوە. خوێندنی تەواوکردووە ماوەی ساڵێکە هاوسەرگیری کردووە، بەڵام هیچ خێزانەکەی خۆشناوێت، زۆرجار دەڵێت وا نیشانی دەدەم و تەمسیل دەکەم کە خۆشم دەوێت، لەگەڵ ئەوەش هاوسەرگیرییەکەی بە زۆر نەبووە بەڵکو بە ئارەزووی خۆی بووە. بەڵام پێشتر کچێکی خۆشویستووە لە زانکۆ بە تاك لایەنە و داوای هاوسەرگیری لێکردووە، بەڵام کچەکە ڕەتیکردۆتەوە هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، ئەمەش زۆر کاریگەری لەسەر ژیانی جێهێشتووە. بۆیە هاوسەرەکەی بەراورد دەکات لەگەڵ ئەو کچە لە ژیانی تایبەتی خۆیان، لەمەدا هیچ کەسێك بە کەسێکی تر ناچێت. نەخۆشییەکەشی دەسنیشانکراوە بە دڵەراوکێ و خەمۆکی، نایەوێت دەرمان وەربگرێت تاڕرادەیەکیش گرفتی سێکسی هەیە، چەندین جۆری چارەسەری نازانستیشی وەرگرتووە، بەڵام هیچ سوودێکی نەبینیوە لەم جۆرە چارەسەرییانە، لە لایەکی تر نایەوێت دەرمان وەربگرێت.

**9.3کەیسی سێیەم:**

نەخۆش ڕەگەزی نێرە و تەمەنی (35) ساڵە، نەخوێندەوارە، باوکیشی مردووە، دوا منداڵە لە خێزانێکی (8) ئەندامی، خێزانەکەشی گوندنشینی بوون سەرەتا بەڵام ماوەیەکی زۆرە لەشار دەژین، هاوسەرگیریشی کردووە و کار دەکات، نەخۆش منداڵی خۆی لە ژیانێکی بەختەوەر و سەقامگیر بەڕێکردووە، واتە وەڵامی تەواوی داواکارییەکانی دراوەتەوە تا ئەو کاتەی بیری لە هاوسەرگیری کردۆتەوە کاتێک تەمەنی (25)ساڵ بوو. بەڕێکەوت هەمان ئەو کچەی هەڵبژارد کە براکەی هەڵبیژاردبوو بۆ هاوسەرگیری، ئەویش لەوان نزیکە بۆیە هەردووکیان پێداگرییان لەسەر کرد، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان خۆیی و براکەی بۆ ماوەیەکی درێژ دواتر هیچ کامیان هاوسەرگیرییان لەگەڵ کچەکە نەکرد، ئەم کێشەیە کاریگەری زۆری لەسەر نەخۆش هەبوو، بەو پێیەی بۆ ماوەیەکی زۆر گۆشەگیر مایەوە و دواتر لەو بارودۆخە هاتە دەر دوای چەندین هەوڵ و داوای لێبوردن لە دایکی، دوای ماوەیەک دایکی قەناعەت پێهێنا کە هاوسەرگیری بکات، ئەویش دوای (2) ساڵ لەو کێشانەی کە پێشتر باسکران، ڕازیبوو هاوسەرگیری بکات و دواتر منداڵێکییان بوو. زۆری خۆش دەویست تا ڕادەی وابەستەبوون پێی، بەڵام ناکۆکی لە نێوان ژنەکەی و دایکی دەستی پێکرد. ئەم جیاوازییانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی دایك ماڵ بەجێ بهێڵێت و بژی بەو پێیەش لە پەروەردەیەکی توندی ئایینیدا گەورە بوو تووش حاڵەتی دەروونی خراپ بۆتەوە.

**9.4کەیسی چوارەم:**

نەخۆش ڕەگەزی نێرە و تەمەنی (30) ساڵە بڕوانامەی ئامادەیی هەیە، نۆبەرەی خێزانەکەیەتی. لە خێزانێکی (8) ئەندامی ژیاوە، هاوسەرگیری کردووە و بێکارە. نەخۆش هەر لە منداڵییەوە بەناز بەخێوکراوە، چونکە کوڕی گەورەیە، ئەمە جگەلەوەی دایک و باوکی نزیکەی شەش ساڵ چاوەڕێی منداڵیان کردووە و چونکە سەرەتا منداڵیان نەبووە. ئەمەش هۆکار بووە بۆ زیاتر گرنگی پێدانی بە جۆرێک وەڵامی تەواوی داواکارییەکانی بدەنەوە، بە تایبەت باری دارایی خێزانەکەی زۆرباش بووە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو ناز و گرنگی پێدانەی هەستی بە ئاسوودەیی نەدەکرد چونکە لە کەشێکی خێزانی سەقامگیر نەدەژیا و ناکۆکییەکی هەمیشەیی هەبوو لە نێوان دایک و باوکی بەهۆی ڕێکنەکەوتنیان لەسەر هەندێ بابەت دواتر مامەڵەکردنی جیاوازی باوانی لەگەڵ باقی براکانی تر جیاواز بوو ئەوانیش هەستیان بە ئیرەیی و کینە دەکرد بەرامبەری، کەچی کە گەیشتە قۆناغی زانکۆ ئەو تاکە کەس بوو لە نێو هاوڕێکانی کە خاوەنی ئۆتۆمبێل بوو، لەگەڵ خەرجیەکی زۆر بۆ شت و مەک.

کاتێک باوکی کۆچی دوایی کرد لە قۆناغی ئامادەیی بوو، بۆیە بەرپرسیارێتی خێزانەکەی لەئەستۆ گرت، چونکە کوڕی گەورە بوو، بەو پێیەی نەخۆش بوو نەیتوانی بڕیار لەسەر کارو ژیانی خێزانەکەی بدات بۆ ئەوەی جێگەی باوکی لەکار بگرێتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی تووشی زیانێکی ماددی ببێتەوە. لەئەنجام وایکرد باری دارایی خێزانەکەی تێک بچێت دواتر دایکی و براکانی ئامۆژگارییان دەکرد، بەڵام گوێی لە هیچ کامیان نەدەگرت چونکە پێشتر قسەی دەکرد و فەرمانی دەردەکرد، ئەمەش هۆکار بوو بۆ دروستبوونی کێشە لە نێوان ئەو و هاوسەرەکەی، بابەتەکەش گەیشت بە جیابوونەوە بەڵام دایکی ڕێگری کرد لەوەی جیاببنەوە. هەوڵیدا یارمەتی بدات بە دروستکردنی پرۆژەیەک بۆی، بەڵام دواتر بەهۆی خراپ بەڕێوەبردنی پرۆژەکە زیانێکی ماددی زۆر گەورەی لە خێزانەکەی دا، دواتر کشانەوە و دابڕان لە خەڵک تا ئەو کاتەی دایکەکە بەشێک لە زێرەکانی فرۆشت و تاکسییەکی بۆ کڕی بۆ ئەوەی کاری پێ بکات. بەڵام ماوەیەک کاری کرد، دواتر ڕەتیکردەوە کار بکات چونکە نەیتوانی لەسەر شەقام ئەم کارە بکات، هەروەها هاوڕێ و ناسیاوەکانی زۆرن و شەرم دەکات کاری شۆفێری تاکسی بکات، بۆیە ئۆتۆمبێلەکەی دا بە خزمێکی تا کاری پێبکات و

ئەمەش قازانج دەکرا بە دوو بەش بۆیە بەشی خۆی و خێزانەکەی نەدەکرد. دواتر هەوڵیدا کارێکی حکومی بدۆزێتەوە بەڵام شکستی هێنا لە دۆزینەوەی کار چونکە پەیوەندی لەگەڵ هاوسەرەکەی تێکچوو، هەندێک جار بە لێدان و سووکایەتی و نەفرەتکردن لەیەکتریبیان دەکرد بۆیە لە ئێستادا نەخۆشی خەمۆکی توندی هەیە.

### 9.5کەیسی پێنجەم:

نەخۆش ڕەگەزی نێرە و تەمەنی (20) ساڵە، بڕوانامەی ناوەندی هەیە، دایک و باوکی لە ژیاندا ماون، لە خێزانێکی (10) ئەندامی دەژیت و نۆبەرەیماڵە، هاوسەرگیریشی نەکردووە، بەڵام بێکارە باوکی وەک پزیشک کاردەکات. باری دارایی خێزانەکەشی زۆرباشە، نەخۆش لە خێزانێکی سەقامگیری کۆمەڵایەتیدا ژیاوە، ناکۆکی لە نێوان دایک و باوکی نییە، بەڵام باوکەکەی ستەمکار و دڕندە و چەقبەستوو بوو، چونکە کەس ناتوانێت ناڕەزایی بەرامبەر بڕیارەکانی دەربڕێت و کاتێک باس لە هەر بابەتێک بکرێت بڕیار بڕیاری خۆیەتی وەک چۆن خۆی خەیاڵ دەکات لە بەکارهێنانی توندوتیژی و هێز کە باشترین ڕێگەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکانی، چونکە باوکی وەکو پیرە پیاوێک چۆتە ناو جیهانی هەرزەکاری و تێکەڵ بە هاوڕێی دەوڵەمەند و پارەی زۆر لە گیرفانی خۆی هەڵدەگرت و بە شێوەیەکی هەرمەمەکییانە لە شوێنە ڕاقییەکاندا خەرجی دەکرد. نەخۆش تێبینی ئەم شتانەی کردووە بۆیە دەستی کرد بە داوای پارە و جل و بەرگی بە نرخ لە باوکی و لەگەڵ گەورە بوونیشی داواکارییەکانی گەورە بوون لەوانە سەیارە و ڕەتکردنەوەی ئەو خانووەی کە تیایدا ژیاوە، باوکیشی قبوڵی داواکارییەکانی کورەکەی نەبوو لە ئەنجام ئەو کوڕە بۆ ماوەیەکی زۆر ماڵی جێهێشت، لەگەڵ هاوڕێ دەوڵەمەندەکانی دەڕوات و وانەکانی پشتگوێخست و لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی شکستی هێنا، ئەمەش نەفرەتی باوکی لەسەری زیادیکرد و ئەویش سەرپێچی دەکرد بە ڕێگریکردن لە خەرجکردن و مامەڵەکردن لەگەڵی بە شێوەیەکی توند بۆ ئەوەی ناچاری بکات پابەند بێت بە فەرمانەکانی، بەتایبەت خۆی تاکە کەسە لە نێو خوشک و براکانی کە لە خوێندن شکست بهێنێت. لە ئەنجامی شکستهێنانی بۆ ماوەی دوو ساڵ لەسەریەک و لە ئەنجامی سەرزەنشتکردنی باوکی و بەردەوامبوونی مامەڵە توندەکانی تووشی نەخۆشی دەرونی دەبێتەوە، بە تایبەت کە توانای کارکردنی نەبووە و نەکاریش بدۆزێتەوە، بۆیە هاوڕێکانی خۆی لێی دووردەکەوتنەوە.

### 9.6کەیسی شەشەم:

نەخۆش ڕەگەزی مێیە تەمەنیشی (43) ساڵە پیشەی مامۆستایە، باوکی وەفاتی کردووە لە خێزانەکەی ریزبەندی دووەمە لەخێزانێکی (7) ئەندامی ژیاوە، ماوەی (17) ساڵە هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ ئامۆزاکەی خۆی سەرەتا دایکی بەو هاوسەرگیرییە ڕازی نەبووە بەڵام بەهۆی پێداگری ئامۆزاکەی هاوسەرگیرییەکە کراوە، (3) منداڵی هەیە، تاڕادەیەک خێزانێکی پارێزگاربوونە پیاوەکەی کەسێکە بڕوانامەی نییە بەڵام کاسب بووە باری داراییشیان باش بووە بەڵام بەهۆی ڕووداوەکانی هاتنی داعش و دروستبوونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان پیاوەکەی زەرەری زۆری کردوو قەرزاربوون. دواتر مووچەی فەرمانبەران نەما و کرێچی بوون بۆیە ژیانیان زۆر قورس دەبێت، ناکۆکی دەکەوێتە نێوان خۆی و هاوسەرەکەی بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، بۆیە بیر لە ڕێگایەکی ناتەندروست دەکەنەوە ئەوەش لەشفرۆشییە سەرەتا ئافرەتەکە ڕازی نەبوو بەم کارە بەڵام دواتر ڕازی دەبێ ئافرەتەکەش بەهۆی پابەندبوونی ئایینی و لەشفرۆشیەکەی تووشی ململانێی ناوخۆیی دەبێتەوە. بە هۆی زۆری فشاری دارایی و دەرونی لەسەری دواتر هەست بەپەشیمانی دەکات و ئۆقرەی نەبووە و دوودڵی هەبووە، لە دوایی هەست بەگوناهکردن دەکات و دڵ توندی و ژانەسەری توند و کێشەو ئاڵۆزی

لە ماڵ و بیرکردنەوە لە خۆکوشتنی بۆ پەیدادەبێت ئەمانەش بەشێکن لە نیشانەکانی نەخۆشی دەرونی. لەو کاتەوە سەردانی نەخۆشخانەی دەرونی دەکات پزشکی پسپۆڕی دەرونی دەیبینی و دەستنیشانی نەخۆشییەکەی دەکات بەخەمۆکی.

**9.7کەیسی حەوتەم:**

نەخۆش ڕەگەزی نێرە و تەمەنی (25) ساڵە لە قۆناغی پێنجی کۆلێژی پزیشکییە، سەڵتە و دایک و باوکی لە ژیاندا ماون دووەم منداڵی خێزانەکەیەتی و لە دەرەوەی هەولێر دەژین، بەڵام خۆی لەبەر خوێندن لە هەولێر دەژی، نەخۆش لە منداڵی لە خۆشی ژیاوە زۆر نازی پێدراوە لە خێزانەکەیان هەر شتێکی پێویست بوایە بۆی دابینکراوە، لە تەمەنی (20) ساڵی تووشی خۆشەوستی بۆتەوە لەگەڵ کچی خاڵی هەوڵیداوە رازی بکات بە پەیوەندی سێکسی بەڵام کچەکە ڕازی نەبووە بە هەموو شێوەیەک ڕەتی کردۆتەوە، ئەم حاڵەتەش وایلێکردووە کە هەوڵبدات کاردانەوەی هەبێت و بەشێوەیەکی تر قەرەبووی بکاتەوە. ئەمەش بەهۆی دەوڵەمەندی خێزانەکەی لە خانوویەکی تایبەتی خۆی دەژی و ئۆتۆمبیلی مۆدێل بەرزی هەیە، سەردانی کافتریا و شوێنە تایبەتەکان دەکات لەم شوێنانەش پەیوەندی نوێ دەدۆزێتەوە لەگەڵ ئافرەتان لە ئێستادا پەیوەندی زۆری لەگەڵ ئافرەتان هەیە و ئافرەت دێنێتە شووقەکەیی و بۆ کاری سێکسی، لە ئەنجامی ئەم کارەی کە کردوویەتی تووشی ململانێی دەرونی ناوخۆیی بۆتەوە. لەم تەنگژەیە سەردانی نەخۆشخانەی دەرونی کردووە و پزیشکی پسپۆری دەرونی بە نەخۆشی دڵەڕاوکێی گشتی دەستنیشانییان کردووە.

**9.8کەیسی هەشتەم:**

نەخۆش ڕەگەزی مێیە و تەمەنی (31) ساڵە، بڕوانامەی سەرەتایی هەیە، دایک و باوکی مردوون، یەکەم منداڵە لە خێزانێکی (7) ئەندامی دەژیت و ژنی ماڵە بەڵام جیابۆتەوە، نەخۆش ژیانێکی سەختی بەڕێکردووە چونکە بەردەوام لە ململانێ بووە لەگەڵ خوشك و براكانی هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی دادپەروەری و یەکسانی دەگەڕێتەوە لەگەڵ خوشکەکانی لە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، بۆیە دایك و باوك بە نیەتێکی باش مامەڵەیان لەگەڵ کردووە. وازی لە خوێندن هێناوە بۆ یارمەتیدانی دایکی لە پێناو خزمەتکردنی خێزانە گەورەکەیان، بۆیە پەیوەندییەکەی لەگەڵیان خراپ ماوەتەوە تەنانەت کاتێک گەورەش بوون. لە تەمەنی (28)ساڵیدا هاوسەرگیری کردووە دوای ئەوەی خوشکەکەی ڕەتیکردەوە بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەوەی کە لە خێزانەکەی ئازار دەچێژێت، بە تایبەت دوای مردنی دایک و باوکی، لەگەڵ هاوسەرەکەی لە ماڵێکدا ژیاوە وەک کارمەند کاری کردووە. هاوسەرەکەشی ئیرەیی پێ بردووە بەهۆی کارەکەی بۆیە دەستیکردووە بە دروستکردنی کێشە بۆی، بەڵام ئەو بە کێشەی ئاسایی دەزانی وەک ئەوەی لە سەرەتای هاوسەرگیری دروست دەبێت و بەجدی وەرینەگرت. بەڵام خەسو و خەزوری بەشدارییان نەکرد لە کەمکردنەوەی ئەم جیاوازی و کێشانە لە نێوانیاندا. دواتر مێردەکەی تەڵاقی دا چووە ماڵی براکانی، زۆر سووکایەتی پێکراوە، سادەترین سووکایەتی زارەکی پێیان گوتووە بەناوی خۆی بانگیان نەکرووە بەڵکو بەناوی ژنە جیابۆکە کە لە ڕووی دەرونییەوە کاریگەری لەسەری هەبووە، بەڵام گرنگی نەدا بەو کێشانە لە پێناو منداڵەکانی، هەوڵیدا کاربکات ماڵ و دارایی بەدەست بهێنێت بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، چونکە دۆسیەی بۆ سەرپەرشتیکردنی منداڵەکانی تۆمارکرد بەڵام دۆسیەکەی دۆڕاند، لە لایەکی دیکەش براکانی ڕەتیان کردەوە بژێوی منداڵەکانی بکەن و لەگەڵیان بژین، هەروەها نەیدەتوانی کارێک بدۆزێتەوە بۆ بژێوی منداڵەکانی و دواتر خانوویان بۆ بەکرێ بگرێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ، هەموو ئەم کێشانە وای لێکرد ئەو ماڵە جێبهێڵێت کە برا و هاوسەرەکانیان تێیدا دەژین دواتر ژوورێکی لە ئامۆزاکەی خۆی بە کرێیەکی کەم گرت، هەوڵیدا هاوسەرەکەی

سەرپەرشتی منداڵەکانی بکات، بەڵام هەڵوێستی مێردەکە هەمیشە ڕەتکردنەوە بوو، ئەمەش وای لێکرد لە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەکەی بێ هیوا بێت، دواتر وایلێهات خۆی لە قسەکردن بەدوور بگرێت و گۆشەگیری هەمیشەیی و دڵتەنگی و گریان و دواتر سەرهەڵدانی نەخۆشی خەمۆکی بەدوابێت.

**9.9کەیسی نۆیەم:**

نەخۆش ڕەگەزی مێیە و تەمەنی (24) ساڵە، بڕوانامەی سەرەتایی هەیە، دایک و باوکی لە ژیانن، یەکەم منداڵە لە خێزانێکی (5) ئەندامی دەژیت، هاوسەرگیری نەکردووە، منداڵێتی سەختی بەسەر بردووە، بە شێوەیەک بە هاوارکردن و گریان و شکاندنی مۆبیلیات لە ماڵەوە ژیاوە، بەهۆی جیاوازی و کێشەکانی نێوان باوک و دایکی، ئەمەش دوایی چیرۆکێکی خۆشەویستی هاوسەرگیریان کردووە وەک ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەن، نەخۆشیش نۆبەرەیە بۆیە ئاگادارە کەچی ڕوودەدا لە دەوروبەری، بۆیە هەوڵی دەدا ئازاری خوشکەکانی کەم بکاتەوە بە کەمکردنەوەی کێشەکان بەڵام بێهودە بوو، چونکە کێشەکان دەستییان کرد بە پەرەسەندن لە نێوان دایک و باوکی بەهۆی نەبوونی چارەسەریش، باوکیان کەسێکی بەناوبانگ و پێگەیەکی دیاری لە کۆمەڵگا هەبوو. باوکیشی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی ناسیاوی خۆی هەبووە هەمیشە نەخۆش بەدەست پێگەی ناسکی باوکی دەناڵێنێت کە لەدەستی بدات، هەروەها نەخۆش پەیوەندی باشی هەبوو لەگەڵ باوکی واتە زۆر یەکتریان خۆشویستووە، لە کاتێکدا دایکی و خوشکەکانی بە توندی و مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، چونکە پێیان وابوو ئەو کچە کینەی بەرامبەرییان هەیە. لەبەرامبەریشدا باوکەکە سەرزەنشتی دەکردن ئەگەر هەڵەیەکی زۆر بچووکیشیان کردبا. ئەم کردارەی لە ترسەوە بوو بۆ ئەوان بەڵام ئەم ڕەفتارە لەلای ئەوان بە خراپەکاری و ئیرەیی لێکدەدرایەوە. سەبارەت بە پەیوەندی نەخۆش لەگەڵ دایکی زۆر خراپ بوو، چونکە دایکیشی پەیوەندی نایاسایی لەگەڵ کەسێکی نزیک لە خێزانەکەی هەبوو، لە ئەنجام منداڵێکی ناشەرعی لەدایکبوو خوشکە بچووکەی، کاتێک باوکی لە پشوو گەڕایەوە، ئەو هەوڵیدا باسی پەیوەندی ناشەرعی دایکی لەگەڵ کەسانی دیکە بکات، دواتر دایکی ئەم پەیوەندییەی پچڕاند و ئەم کەسەش هەوڵیدا هەڕەشەی لێبکات کە بەردەوام بێت لەگەڵی، بەڵام ئەو شکستی هێنا دایکیشی هەموو کات ترسی هەبوو لە تۆڵەسەندنەوەی باوکی، لەبەرئەوەی کەسێکی باڵادەست بوو، وەک چۆن ئەو ترسی هەبوو لە ئەنجامدانی کردەوەی بێباکانە. ئەگەر دایکی بکوژێت یان بەنیازی کوشتنی هاوڕێکەی یان هەردووکیان بێت، ئەوا دایکی و باوکی شانازی دەکەن، ئەویش لەو ململانێیە ژیاوە کە ئاخۆ بێدەنگ بێ یاخود ئەو بابەتە ئاشکرا بکات لەوەی کە چی لە پشت باوکییەوە دەگوزەرێت لە ئەنجامدا بەدەست ئەم فشارە کۆمەڵایەتییانەوە دەناڵێنێت و تووشی نەخۆشی دەروونی بۆتەوە.

**9.10کەیسی دەیەم:**

نەخۆش ڕەگەزی مێیە و تەمەنی (25) ساڵە، خاوەنی بڕوانامەی سەرەتاییە، باوکی مردووە، منداڵی سێیەمە لە خێزانێکی (10) ئەندامی دەژیت، جیابۆتەوە، ژنی ماڵەوەشە، بەڵام لە منداڵی بە سەقامگیری ژیاوە. بە هۆی ئەوەی تاکە کچ بوو لە خێزانەکەی لە لایەن دایکی و براکانی نازی زۆری پێدراوە، باوکی لە ناکاو کۆچی دوایی دەکات کاتێک تەمەنی (15) ساڵ بووە ئەمەش شۆکێکی گەورەی بۆ ئەو دروستکرد، وایلێکرد لە خەڵکی دابڕێت. تەنها ئامۆزایەکی یارمەتی دەدا لەو قەیرانە دەربچێت، لە کۆتاییشدا هاوسەرگیری لەگەڵ کرد کاتێک تەمەنی (18) ساڵ بوو. هاوسەرەکەی مایەی سەلامەتی و دڵنیایی بوو بۆی، هاوسەرگیرییەکەشی بۆ ماوەی (10) ساڵ بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا دوو منداڵی بوو، بەڵام دوای ماوەیەک مێردەکەی دەستیکرد بە پشتگوێخستنی خۆی و منداڵەکانی، دواتر مامەڵەی توندتر بوو لەگەڵیان، گەیشتن بە

ئاستی بەکارهێنانی توندوتیژی لەوانە لێدان و خەرجنەکردنی بژێوی بۆیان و جێبەجێ نەکردنی ئەرکی هاوسەرگیری بەرامبەری، ئەو بە گرژی و دڵەڕاوکێ دەژیا چونکە هۆکارەکەی نەدەزانی ئەو گۆڕانکارییەی بەسەریدا هات هەوڵی دەدا بیگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی پێشووی بە قسەکردن لەگەڵیدا، دانی بەوەدانا کە بۆ ماوەیەک لێی دوورکەوتۆتەوە و سەرقاڵی منداڵان و کاروباری ماڵ بووە، بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوون، نەیتوانی وای لێبکات ئاگاداری خۆی و منداڵەکانی بێت، تا ئەو کاتەی ڕۆژێک سەری سوڕما بە دانپێدانانی ئەو بۆی بە هاوسەرگیریکردنی ژنی دووەم و پێویستی جیابوونەوە لێی بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو ژنە بکات کە ڕەتیکردەوە هاوسەرگیری لەگەڵ بکات و ئەویش قەرزاری بوو، بەڵام ئەو پێداگری لەسەر هەڵوێستی خۆی کرد و دۆسیەکەی پێشکەش بە دادگا کرد دوای ئەوەی کچەکە لە ماڵەکە دەرکرا و منداڵەکان ڕاگیران. دانیشتنەکانی دادگا بە جیابوونەوە کۆتایی هات. بۆیە زۆر هەستی بە دڵتەنگی و تەنیایی دەکرد بەبێ هاوسەر و منداڵەکانی و هەستکردن بە کەمتەرخەمی کە جیابۆتەوە. ئازارەکانی دیکە دەستیان کرد بە دەرکەوتن کە پەیوەندییان بە دانیشتنەکانی دادگاوە هەبووە هەروەها پەیوەندییان بە سەرپەرشتیکردنی منداڵ و کاروباری نەفەقەوە هەبوو. لە کۆتایی مافی سەرپەرشتیکردنی منداڵەکانی بەدەستهێناوە دوای ئازار و نەهامەتییەکی درێژخایەن، پرسەکە تا ئەم ڕادەیە کۆتایی نەهات، وەک چۆن ئازارێکی دیکە دەستیکرد بە دەرکەوتن لە گۆڕەپانەکەدا، لەوێوە چی خەرج بکات بۆ منداڵەکانی وەک باوک دەستیکرد بە دواخستن لە پێدانی نەفەقە ئەوەش وەک سزایەک بۆ ئەو گرتنەبەرەی بە شێوازێکی سەرسەخت، بەتایبەت دوای هاوسەرگیری دووەمی هەموو ئەمانە وایلێکرد نیگەران بێت لە داهاتووی خۆی و منداڵەکانی،هەموو ئەم بارودۆخانە لە کۆتاییدا تووشی خەمۆکی کردبۆوە.

## 9. خستنەڕوو و شیکردنەوەی داتاکان

**خشتەی (1)**

**زانیارییە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| گۆڕاوەکان | وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 5 | %50 |
| | مێ | 5 | %50 |
| تەمەن | 25-20 | 5 | %0.5 |
| | 31-26 | 3 | %0.3 |
| | 37-32 | 1 | %0.1 |
| | 43-38 | 1 | %0.1 |
| | ژنی ماڵەوە | 3 | %0.3 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **پیشە** | کاسب | 2 | %0.2 |
| | فەرمانبەر | 2 | %0.2 |
| | قوتابی | 1 | %0.1 |
| | بێکار | 2 | %0.2 |
| **ئاستی خوێندن** | نەخوێندەوار | 1 | %0.1 |
| | بنەڕەتی | 4 | %0.4 |
| | ئامادەیی | 1 | %0.1 |
| | پەیمانگاو زانکۆ | 4 | %0.4 |
| **باری کۆمەڵایەتی** | سەڵت | 3 | %0.3 |
| | خێزاندار | 5 | %0.5 |
| | جیابۆوە و تەڵاقدراو | 2 | %0.2 |
| **ئاستی گوزەران** | خراپ | 4 | %0.4 |
| | ناوەند | 1 | %0.1 |
| | باش | 3 | %0.3 |
| | زۆرباش | 2 | %0.2 |

لە خشتەی (1) زانیارییە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو دەردەکەوێت، سەبارەت بە ڕەگەزی نموونەکە دەرکەوتووە ڕێژەی نێر و مێ یەکسانن واتە پێنج پیاو و ئافرەت وەرگیراوە، چونکە نموونەکە مەبەستدارە و لە نەخۆشخانەی دەرونی هەولێر وەرگیراوە، دواتر ئەم توێژینەوەیە مامەڵە لەگەڵ هەردوو ڕەگەزەکە دەکات بە شێوەی چاوپێکەوتن. بەڵام سەبارەت بە تەمەن دەردەکەوێت ئەو تاکانەی تەمەنیان لە نێوان (20-25) ساڵە زۆرینەی ڕێژەکەن، مانای ئەوەیە ڕێژەی گەنج زیاتر و زۆرتر تووشی نەخۆشی دەروونی دەبنەوە، ناوەندی ژمارەیی بۆ تەمەنی تاکەکانی نموونەکە بە ڕەگەزی نێر و مێ دەکاتە (28) ساڵ و لادانی پێوەری (5.6) بوو. بەڵام بۆ پیشەی تاکەکانی نموونەکە دەردەکەوێت ڕێژەی (%0.2) لە تاکەکانی نموونەکە کاسب و فەرمانبەر و بێکارن بە ڕێژەیەکی یەکسان، هەروەها ڕێژەی (%0.1) نموونەکە قوتابین کە کەمترین ڕێژەیە، بەرزترین ڕێژەش ژنی ماڵە کە دەکاتە (0.3) لە نموونەکە. سەبارەت بە ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوەکە ڕێژەی (%0.4) نموونەکە ئاستی خوێندنیان پەیمانگاو زانکۆ و بنەڕەتییە بە ڕێژەیەکی یەکسان. کەچی کەمترین ڕێژەش (%0.1) دەرچووی ئامادەیی و نەخوێندەوارن.

بۆ باری کۆمەڵایەتی تاکەکان بە ڕێژەی (0,5%) لە تاکەکان خێزاندارن کە دەکاتە نیوەی ڕێژەی تاکەکان، بەڵام کەمترین ڕێژە کە دەکاتە (0.2%) لە تاکەکان جیابۆوەن. سەبارەت بە ئاستی گوزەرانیش دەردەکەوێت ڕێژەی (0.4%) نموونەی توێژینەوەکە ئاستی گوزەرانیان خراپە کە بەرزترین ڕێژەیە، چونکە هۆکارێکی ڕاستەوخۆ و کاریگەرە لە تووشبوون بەم نەخۆشییە، بۆیە گوزەرانی خراپ و هەژاری کاریگەری گرنگ و گەورەیان هەیە بەسەر ئەم حاڵەتە.

**خشتەی (2)**

**زانیارییە تایبەتییەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| هۆکارەکان | ژمارە | ڕێژە | ڕیزبەندی ژمارەیی |
|---|---|---|---|
| مامەڵەکردنی توندوتیژی خێزانی | 6 | %0.6 | 1 |
| ناز پێدانی منداڵ | 5 | %0.5 | 2 |
| ناپاکی هاوسەری | 4 | %0.4 | 3 |
| خراپی پەیوەندی نێوان منداڵ لەگەڵ باوان | 3 | %0.3 | 4 |
| لێکترازانی خێزان | 3 | %0.3 | 4 |
| خراپی بارودۆخی ئابووری | 3 | %0.3 | 4 |
| نەبوونی دادپەروەری لە نێوان منداڵان | 3 | %0.3 | 4 |
| شکستهێنان لە کارو خوێندن | 2 | %0.2 | 5 |
| دەستدرێژی سێکسی | 2 | %0.2 | 5 |

لە خشتەی (2) بۆمان دەردەکەوێت ئاشکرایە کە تووشبوون بە نەخۆشی دەرونی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز، واتە تاکە هۆکارێک بە تەنها بەس نییە بۆ ئەم نەخۆشییە، هەروەها کاریگەری ئەم هۆکارانەش بۆ تاکەکان وەکو

یەک نین و هەریەکەو بە ڕێژەو ئاستی جیاواز، لەم خشتەیەدا ڕیزبەندی هۆکارەکانی تووشبوون بەم نەخۆشییە خراوەتەڕوو.

هۆکاری یەکەم لەم توێژینەوەیەدا مامەڵەکردنی توندوتیژی خێزانییە کە بە گرنگترین و کاریگەرترین هۆکار هەژمار دەکرێت لەم توێژینەوەیەدا کە بە ڕێژەی (0.6%) کە دەکاتە نیوە زیاتر لە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەهۆی ئەم هۆکارەوە توشی ئەم نەخۆشییە بوونەتەوە، چونکە ئەم هۆکارە کاریگەری خراپی لەسەر خودی تاک جێدەهێڵێت، بە تایبەت ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاک لەناو خێزاندا، ئاشکرایە کە توندوتیژی خراپ مامەڵەکردنی یەکێک لە ئەندامانی خێزانە بە تایبەت دایک و باوک، جا چ لێدان یاخود جنێودان بێت هەروەها ئازاری جەستەیی و دەرونیش بێت ئەمەش تاک تووشی نارەحەتی و دودڵی و نائارامی و دڵەڕاوکێ و ترس دەکاتەوە، وای لێ دەکات نەتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ژینگەکەی. ئەگەر لەسەر گرنگی و کاریگەری ئەم فاکتەرە بوەستین بۆمان دەردەکەوێت خێزان کاریگەرییەکی زۆر زیاتر لەسەر تاک جێدەهێڵێت چونکە بە درێژایی ژیان لەگەڵیانە و ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەسایەتی تاک دروست دەکات و توشی حاڵەتی دەرونی خراپیان دەکات، ئەگەر چارەسەر نەکرێت تووشی نەخۆشی دەرونی دەبنەوە.

هۆکاری دووەم ناز پێدانی منداڵە کە بە ڕێژەی (0.5%) تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەهۆی نازپێدانەوە توشی ئەم نەخۆشییە بوونەتەوە، چونکە نازپێدانی زۆر بە منداڵ لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی خێزان کە پێدانی خۆشەویستی زۆر و دابینکردنی سەرجەم داواکارییەکانی منداڵە وا دەکات بەم شێوازە هەڵەیە توندوتیژی و هەڵسوکەوتی خراپ ئەنجام بدات، چونکە توانا و ئیرادەی نامێنێت بەرامبەر بەربەستەکانی ژیان بە ڕێگایەکی تەندروست، چ لەناو خێزان یاخود دەرەوەی، ئەمەش وا دەکات کاریگەری لەسەر گەشەی دەرونی بکات و تووشی دارمان و شۆکی دەرونی دەکات لە کۆتاییشدا تووشی نەخۆشی دەرونی دەکاتەوە.

هۆکاری دواتر کە ڕیزبەندی سێیەم وەردەگرێت ناپاکی هاوسەرییە و توشی نەخۆشی دەرونی کردوونە، بە ڕێژەی (0.4) لە تاکەکانی نموونەکە تووشی ئەم حاڵەتە بوونەتەوە، ناپاکیش یەکێکە لەو گرفتانەی کەوا خێزان تووشی دەبێت هۆکارەکانیشی زۆر و جیاوازن، لەوانە هەژاری، بێبەشبوون و نەبوونی سۆزوخۆشەویستی یاخود بۆشایی خۆشەویستی، تێکچوونی پەیوەندی خێزانی، پابەندنەبوون بە ئەرکە ئایینییەکان و کۆمەڵێک هۆکاری تر ئەمانەش کاریگەری نێگەتیڤ جێدەهێڵن لەسەر کۆمەڵگاو خێزان و تاک کە لە کۆتاییدا زۆرینەی ئەو کەسانەی ناپاکییان کردووە ئەوا تووشی نەخۆشی دەرونی بوونەتەوە.

ڕیزبەندی چوارەم کە فاکتەری خراپی پەیوەندی نێوان منداڵ لەگەڵ باوان و لێکترازانی خێزان و خراپی بارودۆخی ئابووری و نەبوونی دادپەروەرییە لە نێوان منداڵان کە بەیەک ڕێژەی یەکسان دەرچوون کە دەکاتە (0.3%) لە تاکەکانی نموونەکە بەم هۆکارانەوە تووشی ئەم حاڵەتە بوونەوە، کۆمەڵێک گۆڕاو کاریگەرییان هەبووە لەوانە، توندوتیژی، خراپ مامەڵەکردنی دایک و باوک، مردنی یەکێک لە باوان و دووبارە هاوسەرگیری، ژیانی سەخت، لێدان، ئازاردان و کرێکاریکردن وای کردووە نەتوانن درێژە بە خوێندن بدەن، جیاوازی بەردەوامی نێوان تاکەکانی خێزان و هەموو ئەم هۆکارانە کاریگەرییان هەیە لەسەر تووشبوون بە نەخۆشی و دواتر وایان لێدەکات هەست بە شەرم و خەم و ترس لە ڕووبەڕووبونەوە و هەستکردن بە کەمی و گۆشەگیری و گرنگی نەدان بە دەروون و ژیانییان، بەڵام بۆ لێکترازانی

خێزان ئەم فاکتەرە کاریگەری خۆی لەسەر هەردوو هاوسەر جێدەهێڵێت، لە لایەنی سێکسی و بێبەشبوون لە سۆز و خۆشەویستی و ترس لە داهاتوو. چونکە ئەم فاکتەرە کاریگەری خۆی هەم لە ڕوانگەی مادی و کۆمەڵایەتی جێدەهێڵێت لەسەر هەردوو هاوسەرەکە وایان لێدەکات نەتوانن خۆیان بگونجێنن ئەمەش تووشی دڵتەنگیان دەکاتەوە، چونکە زۆرینەی توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا هەریەک لەو دوو هاوسەرانەی جیادەبنەوە لەیەکتری تووشی گۆشەگیری و دڵتەنگی و نەخۆشی دەرونی دەبنەوە، بۆ فاکتەرەکای مردن، تۆران، سەفەر، زیندانی و هەر لێکترازانێکی تر بە هەمان شێوە تووشی حاڵەتی دەرونی دەبنەوە. کەچی بۆ فاکتەری ئابووری مەبەست ئەو بارودۆخە ئابوورییە سەخت و خراپەیە کە خێزان تێیدا دەژیت، جا هۆکارەکان هەرچی بن جەنگ، بێکاری یاخود گەمارۆ بێت. چونکە هەژاری خێزان تووشی کۆمەڵێک گرفت دەکات لەوانە نارەحەتی و دڵتەنگی و نەخۆشی دەرونی بە تایبەت بۆ سەرۆک خێزان چونکە لە دابینکردنی سەرجەم پێداویستی تاکەکانی کە لە ئێستادا پێداویستییەکان زۆر زۆرن لەوانە (خۆراک، شوێنی نیشتەجێبوون، جلوبەرگ، تەندروستی، ....دواتر مۆبیل، کۆمپیوتەر، سەتەلایت، ئەنتەرنێت، گەیاندن و گواستنەوەی تایبەت بۆیان، سەیارە و کۆمەڵێک بابەتی تر لە ئێستادا) بەڕاستی زەحمەتە بۆ سەرۆک خێزان دابینکردنیان ئەگەر دارایی و داهاتی کەم بێت، چونکە سەرۆک خێزان ئەو کاتە بەرامبەر هاوسەر و منداڵەکانی هەست بە کەمی و دڵتەنگی دەکات کە ناتوانێت بۆیان دەستەبەر بکات، بۆیە لەو کاتەدا سەرۆک خێزان هەست بە شەرم و دڵتەنگی دەکات بۆیە ململانێ لە نێوان خۆی و منداڵەکانی دروست دەبێت، چونکە لە ناخەوە ڕوخاوەو بریندارە بۆیە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت دەبێتەوە لە گەڵ منداڵ و ژنەکەی بەمەش پەیوەندی خێزانی تێک دەچێت و زۆر جار دەپچڕێت زۆر کەیسمان بینیوە خێزان لێکترازاوە بەهۆی هەژارییەوە دواتر بارودۆخی خێزانەکە تێکدەچێت و ڕەنگە یەکێک یاخود هەندێ لە تاکەکان تووشی بارودۆخی دەرونی خراپ ببنەوە. دواجار نەبوونی دادپەروەری لە نێوان منداڵان کە دایک و باوک ئەنجامی دەدەن کارێکی شیاو نییە و کاریگەری خراپ لەسەر منداڵ دروست دەکات، دایک و باوک هەڵدەستن بەوەی کە یەکێک لە منداڵەکانیان جا چ کور بێت یاخود کچ گرنگی و خۆشەویستی زیاتری پێدەدەن لە سەرجەم منداڵەکانی تر، بۆیە ئەو منداڵانە بەو ڕێژەیەی سەرەوە تووشی بارودۆخی دەرونی خراپ بوون بەهۆی دادپەروەرینەکردنی دایبابان لە نێوان منداڵەکاندا و بەرزڕاگرتن و گەورەکردنی کورەکەیان لەبەرامبەر کچەکەیان یاخود کوری گەورە بەسەر بچووکەکە، ڕێز و بایەخدانیان هەم لەرووی مادی و کۆمەڵایەتیەوە گەورەکردنی ڕەگەزی کور بەرامبەر ڕەگەزی کچ، بەواتای گرنگیدان بە ڕەگەزێکی دیاریکراو لەسەر ماف و مەزندەی ئەوانی تر ئەمەش کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لەسەریان کە هەست بە کەمبوونی خۆیان دەکەن و شەرم دەکەن لە بارودۆخەو تووشی کۆمەڵێک گرێ و نەخۆشی دەروونییان دەکات و هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کۆمەڵێک ڕەفتاری دیاریکراو کە هەم لەرووی کۆمەڵایەتی و تەندروستییەوە شیاو نین.

کۆتا ڕیزبەند کە دەکاتە هۆکاری پێنجەم شکستهێنان لە کارو خوێندن و دەستدرێژی سێکسییە بەڕێژەیەکی یەکسان کە دەکاتە (0.2%) لە تاکەکان بەهۆی ئەم دوو هۆکارەیەوە تووشی ئەم نەخۆشییە بوونە، بۆ فاکتەری یەکەم تاکەکان نەیانتوانیوە بەردەوام بن لە کارو پیشەکەیان و تێیدا سەرکەوتوو بن جا بەهۆی زیانی مادی بێت یاخود نەشارەزایی لە کارو یاخود لێکترازانی خێزان و نەبوونی کارو پیشەیەکی گونجاو کە بگونجێتەوە لەگەڵ توانا و حەزەکانیان کە وایان لێ دەکات تووشی نەخۆشی ببنەوە. بۆ دواکەوتن و شکستهێنان لە خوێندن بۆ نیوە لە تاکەکان کۆمەڵێک گۆڕاو کاریگەرییان هەبووە لەوانە، توندوتیژی، خراپ مامەڵەکردنی دایک و باوک، مردنی یەکێک لە باوان و دووبارە هاوسەرگیری، ژیانی سەخت، لێدان، ئازاردان و کرێکاریکردن وای کردووە نەتوانن درێژە بە خوێندن بدەن، جیاوازی بەردەوامی نێوان

تاکەکانی خێزان و هەموو ئەم هۆکارانە کاریگەرییان هەیە لەسەر تووشبوون بە نەخۆشی و دواتر وایان لێدەکات هەست بە شەرم و خەم و ترس لە ڕووبەڕووبونەوە و هەستکردن بە کەمی و گۆشەگیری و گرنگی نەدان بە دەروون و ژیانییان.

کەچی بۆ دەستدرێژی سێکسی دیسانەوە بەهەمان ڕێژەی سەرەوە کاریگەری هەبووە لەسەر تووشبون بە نەخۆشی دەرونی، ئەمەیان کاریگەری ترسناکی هەیە هۆکارەکانیشی زۆرن یەکێ لەو هۆکارانە نەبوون و لێکترازانی خیزان بێت، بەناچاری ئەو تاکە لەناو خزم و کەسانی نزیکی دەژیت، یاخود توندوتیژی خێزانی و مامەڵە و هەڵسوکەوتی خراپی خێزان هەموو ئەمانە کاریگەرییان هەیە لە کۆتادا تاک بەرەو ئاقاری نەخۆشی دەرونی دەبەن.

**10.دەرئەنجامەکانی توێژینەوە**

10.1 یەکێک لەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتووین ئەوەیە بەرزبوونەوەی هەر کەیسێکی دەرونی دەگەڕێتەوە بۆ خراپی و تێکچوونی پەیوەندییە خێزانییەکان، چونکە پەیوەندییەکان فاکتەرێکی زۆر گرنگ و هەستیارن لە دەروندروستی تاکەکان و سەرکەوتنی ژیانی خێزانی و پێچەوانەکەشی ڕاستە. دواتر دابڕان لە کار و پیشەو خوێندن ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگییان بینیوە لەم نەخۆشییە بۆیە توندوتیژی و نازپێدان بە منداڵ و ناپاکی هاوسەریی لەم توێژینەوەیەدا بە فاکتەری هەرە گرنگ و سەرەکی هەژمار دەکرێن.

10.2 ئەنجامێکی دیکە ئەوەیە کە ئەم پیلانەی لە سەردەمی ئێستا کە مرۆڤایەتی دەخاتە مەترسییەوە ئەوەیە لە هەوڵی بێبەشکردنی تاکن لە دوورکەوتنەوە لە دروستکردنی خێزان. هێزی سەرمایەداری شکۆی خێزان وەک بەربەستێکی گەورە لەبەردەم داواکارییە ناشەرعیەکاندا دەبینن، هەوڵی زۆر دەدەن بۆ دۆزینەوەی زەمینەیەکی کولتووری گونجاو بۆ لێسەندنەوەی شکۆی خێزان و دوورکەوتنەوەی تاک لە دروستکردنی خێزان ئەمەش بۆشایی لای تاک دروست دەکات تووشی کۆمەڵێک حاڵەتی دەرونی دەکەن.

10.3 یەکێکی تر لەو ئەنجامانە ئەوەیە کە ڕۆژ دوای ڕۆژ سات دوای سات نەخۆشییە دەرونییەکان ڕوو لە زیادبوونن هۆکارەکانیش زۆرن، یەکێک لەو هۆکارانە پێشکەوتنی خێرای کۆمەڵگا و دواتر تێکەڵبوونی کولتورەکان بەیەکتری و کرانەوەی کولتوری کۆمەڵگای کوردی بە جیهانی دەرەوە، هەروەها سۆشیاڵ میدیا و ئامرازە تەکنۆلۆژییەکان، هەژاری و بێکاری، نەبوونی دادپەروەریکردن لە نێوان منداڵ و خراپی پەیوەندییە خێزانییەکان لە نێوان تاکەکانی خێزان منداڵ لەگەڵ دایبابان، نازپێدانی منداڵ، ناپاکی هاوسەری،دەستدرێژی سێکسی، کۆمەڵێک فاکتەری تریش

10.4 یەکێکی تر دەبینین ڕۆژانە ڕێژەی تەڵاق لە دادگاکان بەرزدەبێتەوە بە بەراورد بە پرۆسەی هاوسەرگیری هۆکارەکانیشی زۆرن، ئەگەر ئاماژە بەو هۆکارانە بکەین وەک ئەوەی لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر ئاماژەی بۆ کراوە دەکرێ بڵێین هۆکارەکان لە نەگونجان لەگەڵ یەکتر دەست پێدەکات دواتر جیاوازی تەمەن، نەزۆکی، ناپاکی هاوسەرگیری، نەبوونی ماڵی جیا، ژن هێنانی دووەم، تەکنۆلۆژیای سەردەم (مۆبایل، ئەنتەرنێت) تووشبوونی یەکێکیان بەنەخۆشی، هۆکاری کۆمەڵایەتی، هۆکاری ئابووری، هۆکاری ئایینی، مەبەستمان لەم ئەنجامە زیاتر بۆ ئەوەیە هەر کێشەیەکی خێزانی کاریگەری لەسەر خودی تاک دروست دەکات و وای لێدەکات تووشی کۆمەڵێک نەخۆشی دەروونی بکاتەوە.

10.5 گرفتەکانی ناو خێزان و تەڵاق و لێکترازان کاریگەریی خراپ و درێژخایەنی لەسەر منداڵ هەیە بەشێوەیەکی تایبەتی چونکە منداڵ زیاتر پشت بە خێزان دەبەستێت و هەست ناسکترن، چونکە تێکچوونی شیرازەی خێزان وا لە منداڵ دەکات کە هەست بە ئارامی نەکات و بەردەوام لە ترس و نیگەرانی بژییت تویژینەوەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە گرنگترین ئاسەواری کێشەی خێزانی لەسەر منداڵ بریتین لە لادان واتە ئەنجامدانی کاری دژ بە یاسا، نزمی ئاستی خویندن لە قوتابخانەدا، کەمی داهات کاتێک منداڵ گەورە دەبێت واتە دەبێتە کەسێکی هەژار و هەروەها تووشبونییان بە کۆمەڵێک نەخۆشی دەرونی مەترسیدار.

**لیستی سەرچاوەکان**


1. أبو أسعد، أحمد عبداللطيف و درديز، صالح عبدالعزيز، (2015)، الإستشارات الأسرية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة ، عمان.
2. أحمد عبداللتيف أبو أسعد, (2014) , سيكولوجية المشكلات الاسرية, جامعة مؤته-الاردن.
3. احمد عزت راجح، (1957)، مشكلة العلاج النفسي في مصر، مكتبة الانجلوالمصرية، الاسكندرية.
4. أسماء ، لبلق، (2015)، التحولات الثقافية والرمزية لمراسيم الزواج في الأسرة التلمسانية، لنيل شهادة الماجستير في علم الأجتماع الثقافي، كلية العلوم الأجتماعية، جامعة وهران (2).
5. أل عبدالله، محمد بن محمود، (2014)، دەرونزانی کۆمەڵایەتی (ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا)، و: ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق.
6. البنا، انور محمود، (2009)، الامراض النفسية والعقلية، مكتبة جامعة الاقصى، غزة، فلسطين.
7. الجسماني، عبدالعلي، (1998)، الامراض النفسية، الدار العربية للعلوم، بيروت.
8. الحسن ، إحسان محمد، (2005)، علم إجتماع العائلة، عمان: دار وائل للنشر والتوزيع.
9. حسن، محمود، (1981)، الأسرة و مشكلاتها، دار النهضة للطباعة والنشر، بيروت، لبنان.
10. حسن، منى عبدالستار محمد (2014) البعد الاجتماعي للعولمة وتأثيراتها على الأسرة العراقية دراسة ميدانية (2012-2013)، مجلة جامعة بابل العلوم الانسانية، المجلد 22، العدد (2).
11. حسن، ناصر بوكلي، (2003)، الصحة والاضطرابات النفسية والسلوكية، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، دار ابن النفيس طباعة نشر توزيع، دمشق، سوريا.
12. الختانة، سامي محسن، (2008)، مقدمة الصحة النفسية، دار الحامد، عمان، الاردن.

13. الخليل، نجلاء عاطف، (2006)، علم الاجتماع الطبى الثقافة الصحة والمرض، مكتبة الانجلو المصرية، قاهرة، مصر.

14. راجح، احمد عزت، (2011)، اصول علم النفس، دار المنابر، قاهرة، مصر.

15. الرشدان، عبدالله زاهي، (2005)، التربية والتنشئة الإجتماعية، عمان: دار وائل للنشر والتوزيع.

16. زغير، رشيد حميد، (2010)، الصحة النفسية والمرض النفسي والعقلي، الطبعة الاولى، مكتب دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

17. سالم، سماح سالم و المقيل، وجدان إبراهيم، (2014)، مهارات الأسرة والطفل وطرق التطبيق، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

18. عامر، طارق عبدالرؤف، (2008)، أصول التربية "الأجتماعية- الثقافية- الأقتصادية".

19. عبدالرحمن، عبدالله محمد و غنيم، السيد رشاد، (2008)، مدخل علم الأجتماع، دار المعرفة الجامعية للطبع والنشر والتوزيع، الاسكندرية، مصر.

20. عبدالرحمن، عبدالله محمد و غنيم، السيد رشاد، (2008)، مدخل علم الأجتماع، دار المعرفة الجامعية للطبع والنشر والتوزيع، الاسكندرية، مصر.

21. عبدالله، محمد قاسم، (2012)، مدخل الى الصحة النفسية، الطبعة الخامسة، دار الفكر ناشرون و موزعون، عمان، الاردن.

22. عزيز، عزالدين احمد، (2020)، خوێندنەوەیەکی هاوچەرخ بۆ سایکۆلۆژیای گەشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق.

23. العمر، معن خليل، (1990)، صيرورة تغيير الأسرة السعودية – دراسة مقدمة لندوة الأسرة السعودية والتغيرات المعاصرة، ملتقي الاجتماعيين، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية.

24. العموش، أحمد و العمليات، حمود، (2009)، المشكلات الأجتماعية، الشركة العربية المتحدة للتسويق والتوريدات، قاهرة، مصر.

25. العناني، حنان عبالحميد، (2005)، تنمية المفاهيم الاجتماعية والدينية الأخلاقية في الطفولة المبكرة، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

26. عومەر، جەعفەر، (2022)، چارەسەر و کۆنترۆڵی فشاری دەروونی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق.

27. غنيم، السيد رشاد. عمر، نادية محمد. الرامخ ، السيد و البدوي، محمد علي، سوسيولوجيا الأسرة دراسات نظرية وتطبيقية، مطبعة البحيرة.

28. غيث، محمد عاطف، (1985)، دراسات في علم الإجتماع نظريات وتطبيقات ، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، لبنان.

29. فايد، حسين على، (2005)، المشكلات النفسية الاجتماعية (رؤية تفسيرية)، الطبعة الاولى، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر.

30. القصاص، مهدي محمد، (2008)، علم الاجتماع العائلي، جامعة منصورة، مصر.

31. كريقر، ليندا سلفر مان، (2011)، ارشاد الموهوبين والمتفوقين، ترجمة وتعريب: سعيد حسني العزة، الطبعة الثالثة، مكتب دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

32. محمد العبيدي، محمد جاسم، (2004)، مشكلات الصحة النفسية (امراضها وعلاجها)، الطبعة الاولى، مكتبة دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

33. محمد، جاسم محمد، (2004)، مشكلات الصحية النفسية، دار الثقافة، عمان، الاردن.

34. محمد، محمد جاسم، (2004)، مشكلات الصحة النفسية (امراضها - وعلاجها)، الطبعة الاولى، الناشر مكتبة دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

35. مستەفا، یوسف حەمەساڵح، (2023)، کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپی سێیەم، چاپخانەی مێخەک، تاران.

36. منصور، عبدالمجيد سيد، الشربيني و زكريا أحمد، (2000)، الأسرة على مشارف القرن (21) الأدوار – المرض النفسي – المسؤوليات، دار الفكر العربي ملتزم الطبع والنشر، القاهرة، مصر.

37. مۆرگان، سیدۆ، (2021)، بنەماکانی زانستی دەروونی (فەلسەفەو مێژووی سایکۆلۆجی نەخۆشییەکان و چارەسەری دەروونی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی مێخەک، تاران.

38. مۆرگان، سیدۆ، (2022)، نەخۆشییە دەروونییەکان (هاوپێچ لەگەڵ سێ قوتابخانەی چارەسەری دەروونی (دەروونشیکاری، ڕەفتاری، مەعریفی))، چاپی دووەم، چاپخانەی مێخەک، تاران.

39. مۆرگان، سیدۆ، (2023)، قوتابخانەکانی چارەسەری دەروونی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مێخەک، تاران.

40. الوزاني، ادريس عبدالسلام شاهدي، (2008)، العلاج النفسي و خطورة المنطلق (الابعاد النفسية لعلم السلوك الاسلامي)، الطبعة الاولى، مركز التراث الثقافي المغربي، دار ابن حزم للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.

41. ئیسماعیل، ئازاد عەلی، (2023)، دەروونساغی، چاپی یەکەم، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق.

**42.** Mayo Clinic (2015). Mental Illness Diagnosis and Treatment - Mayo www.mayoclinic.org